# دەستە چڵکنەکانتان بە ئێزیدییەکان مەسڕن!

نورەدین وەیسی

چەند رۆژێکە هەڵمەتێکی بێ وێنەی نارەزایی دەربڕین وشەرمەزارکردنی کوشتنی دڕندانەی دوعای کچە کوردی ئێزدی ڕاگەیاندنی کوردی وبەتایبەتیش ماڵپەڕە کوردییەکانی داگیرکردووە ، ئەم پرۆتێستکردنە بەرفراوانە کارێکی ئەرێنی وچاکە ، وەلێ شاراوەش نییە لەم نێوەدا زۆر کەسیش دەیانەوێ بە پاساوی نەفرینکردنی ئەم تاوانەوە سووکایەتی بە ئێزیدیەکان بکەن ودەستی پیسی خۆیان بەوانەوە بسڕن.

من گومانم نییە لەوەی بەشێکی زۆری ئەوانەی ئەمرۆ شین ورۆڕۆیانە بۆ جوانەمەرگکردنی ئەوکچە، ئامادەن کاری زۆر خراپتر بەسەر دایك وخوشك وهاوسەرەکانیان بهێنن ئەگەر لەدەرەوەی دابونەریتە کۆمەڵایەتیە باوەکانی کوردستاندا هەڵسوکەوت بکەن.

ئێزدیاتیش وەك هەر ئاینێکی دیکە خاوەن وهەڵگری چەندین داب ونۆرمی دواکەتووە کەلەگەڵ ئازادی ومافەکانی مرۆڤدا یەکناگرنەوە ، وەلێ بەڕاستی جێی گاڵتەجاڕییە ئیسلامییەکان لەکاتێکدا تۆماری ڕەشیان لەبەرامبەر مافەکانی مرۆڤ وبەتایبەتیش مافەکانی ژناندا دیارە چییە وکاتی خۆی چۆن لەشارەکانی کوردستاندا تێزابیان بە لاقی کچاندا دەکرد ، ئەوگرووپ وتاقمە ئیسلامیانەی بنکەی پێگەیاندنی کەسانی وەك شێخ زاناو مەلا کرێکارن، ئەوانەی لە پشت کەلتووری پاشقەڕۆی ژنکوشتنن و داردەست وبەکرێگیراوی کۆماری تیرۆریستی ئیسلامی ئێران ووڵاتانی عەرەبین ودەستیان سوورە بە خوێنی سەدان پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ،کەچی ئەمرۆ فرمێسکی درۆیینە بۆ کوشتنی دوعا دەرێژن وخەڵکی ساویلکە لەدژی ئێزدییەکان هان دەدەن .

هەر چەند رۆژێك دوای کوشتنی ئەو کچە بەدبەختە ، بیستوچوار کرێکاری هەژارودااماوی ئێزیدی لە شاری موسڵ لەسەردەستی عەرە بە تیرۆریستە ئیسلامییەکانەوە کوژران ، ئەم ڕووداوەش زۆر بێ بێدەنگی بەسەر ڕاگەیاندنی کوردی تێپەڕی ، بۆیە کوشتنی دوعا بەشێکە لە زنجیرەیەك پیلانی قرێژ کەسەرەتاکەی لە ڕووداوەکانی چەند مانگ لەمەوبەری دەڤەری شێخان دەستی پێکرد کە بەئاڵای کوردستان و( الله اکبر )ەوە ! پەلاماری ئێزدییەکان وداموودەستگاوپەرستگا کانیان درا وئاگریان تێبەردان ،کەچی میدیای کوردی وسایتەکانیش نەك هەر نەیانکرد بەهەڵلا بەڵکو هیچ بایەخێکیشیان پێنەدا.

ئیسلامییەکانی کوردستان زۆر بەبەرنامەوە خەریکی جێبەجێکردنی پیلان ونەخشەکانی ئیسلامییە تیرۆریستییەکانی عەرەب وبەتایبەتیش تاقمی تیرۆریستی قاعیدن لەکوردستاندا ئێرانیش لەم رووەوە زۆر هاوکاریان دەکا ، دەیانەوێ ئەو نیمچە ئارامییەی لەکوردستاندا هەیە تێکبدەن وشەڕێکی هاوشێوەی شەڕی خوێناوی نێوان شیعەو سوونەی عیراق لە نێوان موسڵمان وئێزدییەکانی کوردستانیش دروستبکەن.

ئەوەی زۆر جێگەی داخە بەشی زۆری میدیا وسایتە کوردییەکانیش نازانن بوونەتە بەشێك لەو پیلانە قڕێژە ، بۆیە دەبینین دوور لە هەموو پرنسیپێکی رەوشتی میدیایی پێشبڕکێیانە لەسەر بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆییەکانی ئەو تاوانە بێوێنەیە ، لەکاتێکدا زۆربەی ئەو وێبسایتانە لە وڵاتانی رۆژئاواوە بەڕێوە دەبرێن ولە میدیای ئەو وڵاتانەش رێگە بەبڵاوکردنەوەی دیمەنی توندتیژی ئاوا نادرێت ، بۆیە ئەو سایتانەی گرتە ڤیدیۆییەکەیان بڵاوکردۆتەوە بەرپرسیارن لەهاندان و دنەدانی خەڵکی ساویلکەی موسڵمان لە دژی ئێزیدییەکان وبەشێکی دیاری بەرپرسایەتی روودانی هەر پەلامارێکیشیان دەکەوێتە سەرشان کەلە داهاتوودابکرێتە سەرئێزیدییەکان ،کەلەم رۆژانەدا لە هەولێر دوو جار پەلامار دراون وناچار شارەکەیان بە جێهێشتووە.

ئەوانەی بەڕاستی پەرۆشی دووبارەنەبوونەوەی رووداوی دڵتەزێنی هاوشێوەی کوشتنی دڕندانەی دوعان ودەیانەوێ سووکایەتی کردن بە ژنانی کورد کۆتایی پێ بێت ،لەجیاتی هێرش و پەلاماردانی ئێزیدیەکان دەبێ فشار و پاڵە پەستۆ بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی کوردستان کە دەستی درێژی ئایین بۆسەر ژیانی تایبەتی خەڵك ببڕنەوە وسیستەمێکی سکۆلار لە کوردستاندا ئاوا بکرێت ورێگە نەدرێت بەناوی ئاینەوە هەڕەشە لە ماف وئازادییەکانی خەڵکی بکرێت.

*<u>*هەندێك کەس بە زانینەوە بێ یا لە نەزانین لە جیاتی "ئێزیدی" ،"یەزیدی" بەکاردەهێنن، کەئەمەش هەوڵێکی بێوچانی عەرەبە شۆڤێنیستەکانە بۆ بەعەرەبکردنی ئێزیدیەکان.*</u>